# زۆریی لەشکری مووچەخۆر، نیشانەی پاشکەوتوویی کۆمەڵگەو گەندەڵیی کارگێڕییەکەیەتی

**ئەمجەد شاکەلی**



یەکێك لەو دەردە هەرە کوشندەو وڵاتوێرانکارانەی تووشی وڵاتانی جیهانی سێیەم دەبێت، زۆریی بەرپرس و کارمەندو مووچەخۆرە، واتە: ئەو کەسانەی، کە مووچە لەحکومەت وەردەگرن. لەبەشێکی باشووری کوردستانو لە 1991 بەدواوە و تا ئەمڕۆ، کاروباری بەڕێوەبردنو دەسەڵات، لەلایەن کارگێڕیی یا کارگێڕیگەلێکی خۆماڵیو کوردستانییەوە، بەڕێوەدەچێت. هەر کۆمەڵە خەڵکێك، وڵاتێك، نەتەوەیەك، بازێڕێك یا تەنانەت خێڵێك، ئەگەر بیانەوێت، کارگێڕییەك دامەزرێننو خۆیان بەڕێوە ببەن، تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکەنو دەتۆڕنە تاقیکردنەوەی خەڵکانێکی شارەزای ئەو بوارەو شارەزایانی ئەو بوارە خڕ دەکەنەوەو پاش دەمەتەقەو گوتوبێژو تاوتوێو بەراوردو هەڵسەنگاندنو وردەکاریی دیکەو لەبەرچاوگرتنو خوێندنەوەی تایبەندییە خۆماڵییەکان، نموونەیەکی باشی بەڕێوەبردنو کارگێڕیی هەڵدەبژێرن. دەسەڵاتداریەتی کوردستان، لەبری چاولێکردنی وڵاتانێکی پێشکەوتوو و خاوەن تاقیکردنەوەی زۆرو سوودبەخشو لەبری پرسو ڕاگۆڕینەوەو بەراوردکاری، هەر ڕێك شێوە کارگێڕییەکەی عێراقی داگیرکاری کۆپی کردو هەر ئەو ڕێگەیەی ئەوانی گرتەبەر. دیارە ئەو دەردە، زۆریی بەرپرسو کارمەندو مووچەخۆر، تەنێ عێراقو کوردستانی نەگرتووەتەوە، بەڵکە تا ڕادەیەك تەواوی وڵاتانی جیهانی سێیەم بەدەستیەوە دەناڵێنێت. ڕەنگە باشووری کوردستان خراپترین نموونەی وڵاتانی جیهانی سێیەم بێت، چونکە کۆپیی وڵاتێکە، کە خراپترین وڵاتانی جیهانی سێیەمە، ئەویش عێراقە. لەو جۆرە وڵاتانەدا، وەك نەریت، ژمارەی کارمەندانی مووچەخۆر لەزۆریدا، لە لەشکری تێدەپەڕێنن. لەکوردستانیش هەروایە. لەوڵاتانی پێشکەوتوو و بەتەنگ خەڵکی خۆیەوە هاتوو، بۆ نموونە سوێد، ئاماری لەمەڕ هەموو شتێکەوە هەیەو پەیتاپەیتا ئەو ئامارانە بڵاودەکرێنەوەو دەستی هەموو کەسێکیشیان پێ ڕادەگات. بەچرکە تۆ دەتوانیت بزانیت ژمارەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە گەیشتوونەتە چەند، چونکە لەدایکبوونی هەر زارۆکێك دەسبەجێ تۆمار دەکرێت. تۆ ئەگەر وەدووی ئەوەوە بیت ژمارەی بینەرانی فلانە کەناڵی تەلەڤزیۆن لەکاتێکی دیاریکراودا بزانیت، یا ژمارەی قەرزکردنو خوێندنەوەی فلانە کتێب لەتەواوی کتێبخانەکاندا بزانیت، یا ژمارەی فرۆشتنی چەند شووشەی فلانە جۆری بادە لەماوەیەکی دیاریکراوو لەبازێڕێکی دیاریکراودا بزانیت، یا ژمارەی گۆڕەپانی فلانە گۆڕستان بزانیت، یا هەر ئامارێکی دیکەت بەخەیاڵدا دێت، تۆ دەتوانیت بە ئاسانی وەدەستی بهێنیتو هەمووی لەبەردەستدا هەیە. لەوڵاتی کوردستان، کە کەمجار ئامارو ژمارە بەرچاو دەکەون، تەنانەت بۆ شتە هەرە پێویستیەکانی ژیانیش، ئەگەر جاروبار ئامارێك دەرکەوێت، مرۆڤ برێك کەیفخۆش دەبێتو پێیوایە شتێکی پڕبەهای کەوتووەتە بەردەست. بڵاوکراوەی میدیا دەنووسێت: "بەپێی سەرچاوەیەك 986 هەزار مووچەخۆر لەحکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن... 528000 مووچەخۆر لەسەر میلاکی ئیدارەی هەولێرو 458000 مووچەخۆر لەسەر میلاکی ئیدارەی سلێمانی هەیە".

ئەو مووچەخۆرانەی میدیا باسیان دەکات، کارمەندو مووچەخۆری ئەو دەڤەرەن، کە لەبن دەسەڵاتی پارتییو یەکیەتیدان، واتە: ئوستانەکانی هەولێرو دهۆكو سلێمانی. ئەگەر تەماشایەکی دانیشتووانی ئەو دەڤەرانە بکەین، هەرچەندە ئامارێکی دروستو فەرمی لەبەردەستدا نییە، پێموانییە ژمارەیان هەرگیز لەچوار ملیۆن کەس پتر بێت. بەراوردێکی ژمارەی موچەخۆران لەگەڵ دانیشتووانی ئەو دەڤەرەدا بکەین، دەکاتە ئەوەی کە: لەهەر چوار کەسی ئەو دەڤەرە، بەژنو پیاو و منداڵو پیرو نەخۆشو پەککەوتەو کەمئەندامو... هەموو خەڵکێکی دیکەوە، یەکێکیان کارمەندی حوکوومەتەو مووچە لەحکومەت وەردەگرێت.

-ڕێژەی ئەوانەی کارمەندی حکومەتو مووچەی حکومەت وەردەگرن دەکاتە 25٪ی دانیشتووانی ئەو دەڤەرە.

ئەو 986000 مووچەخۆرانەی کوردستان، خەڵکانێکن تەمەنیان لەنێوان 18 ساڵانو 63 ساڵاندایەو زۆرینەیشیان پیاون، چونکە وەك قانوونو نەریتێك، کە لەکارگێڕیی عێراقدا هەبووە و لەکوردستانیشدا هەیە، ئەوانەی دەبنە کارمەندو کاری کارگێڕی حکومەتیو فەرمی وەردەگرن، تەمەنیان لەو بەینەدایەو ئیدی دوای ئەو تەمەنەیش خانەنشین دەکرێنو چونکە ڕێژەی کارمەندی ژن، لەکوردستان، گەلێك لەڕێژەی کارمەندی پیاوان کەمترە.

ئەو ژمارەی 98600 مووچەخۆرە، تەنێ کارمەندی فەرمیو حکومەتی دەگرێتەوەو لەشکرێکی دیکەی مووچەخۆر، کە لەحیزبو کارگێڕیی دیکەی کەرتی تایبەتو کۆمپانیاو شوێنی دیکەوە مووچە وەردەگرن، ناگرێتەوە.

ئەوڕۆ لەکوردستان، بێجگە لەمووچەخۆرانی حکومەتیو دەستگا فەرمییەکان، خەڵکانێکی یەکجار فرە، مووچەی شەهیدانە، شۆڕشی ئەیلوولانە (لەکن پارتیی)، شۆڕشی نوێیانە (لەکن یەکیەتیی)، شۆڕشی گوڵانە (لەکن پارتیی) پێشمەرگانە، نووسەرانە، ژنی شاخانە، زیندانیی سیاسییانە، دیوەخانانەو... دەیان هینانەو جۆرە مووچەی دیکە وەردەگرن. دیارە ئەم جۆرە مووچەخۆرو مووچانە، لەڕیزی ئەو 986000 کەسەدا نەژمێردراون. مرۆڤی وا هەیە لەیەك کاتدا چەند دانەیەك لەو مووچانە وەردەگرێت، چونکە بەپێی پێوەرەکانی ئەو وڵاتەی لەمەڕ خۆمان، هیچ کێشەو گرفتێك لەوەدا نییە، خەڵك چەند جۆرە مووچە وەربگرێت. مووچەخۆری کوردستان دەتوانێ مووچەخۆریش بێتو پارەی شەهیدانەو نووسەرانەو زیندانیی سیاسییانەو تەنانەت دیوەخانانەش وەربگرێت.

ئەگەر سەرنجێکی خێرا بدەینە کارگێڕییەکانی کوردستان، دەبینین بەشێکی یەکجار زۆری ئەو کارمەندانەی لەو کارگێڕییانەدا کار دەکەن، زیادەنو بوونیان زیانەو نەبوونیان قازانج. ئەو کارەی کە لەژوورێك لەژوورەکانی کارگێڕییەکداو بەپێنج شەش کارمەندەوە ئەنجام دەدرێت، تاکە یەك کارمەند زۆر بەئاسانی دەتوانێت ئەنجامی بداتو گەلێك جاریش کارەکان بەزۆریی بەسەر یەك یا دوو لەو کارمەندانەدا کەڵەکە دەکات. ئەوە هیچ کە کاتی کارکردن لەکارگێڕییەکانی کوردستاندا زۆرکەمەو بەشێکی زۆری کاتی کارمەندان زۆرجاران بەقسەوباسو دەمەتەقەو خواردنو چایخواردنەوەو نینۆکبۆیەکردنو زەنگلێدانو تەلەفۆنکردنو باسی ئەمو ئەوو گاڵتەوە خەریکن. لەوڵاتێکی وەك سوێد، تاکە یەك کارمەند، کە بۆ خۆی ڕەنگە سەرۆكو بەرپرسی کارگێڕییەك یا بەشێکی کارگێڕییەك بێت، تەواوی کارەکانی ئەو بەشەی خۆی، لەمۆرلێدانی کاغەزو تۆمارکردنی ژمارەو مێژووەوە تا دەگاتە نووسینو وەڵامدانەوەی نامەو گەڕان بەدوای پێشینەی کارەکەو ڕێکخستنی دۆسیێو پێویستییەکانی نێو ژوورو جێکارەکەی، کە لەکوردستان ئەو کارە دابەشکراوە بەسەر دوازدە سێزدە کارمەنددا، ئەنجام دەدات، بێئەوەی هیچ گازندەیەکی لێوە ببیسرێتو بێئەوەی کاتێك کە کارەکەی ئەنجام دەدات، خەریکی تەلەفۆن یا خواردن یا پێشوازیی میوان بکات، وەك لەکوردستان دەبینرێت.

ئەوەی لەکوردستان وەدی دەکرێت، هەڵاوسانێکی کارگێڕییەو بەشێکی یەکجار زۆری ئەو کارمەندانە کە دەتوانم بڵێم پتر لە 70٪یان زیادنو تەنێ مفتەخۆرنو بەنەبوونیان کارەکان خاستر جێبەجێ دەکرێنو بە 30٪کەی دیکەیان، ئەگەر بەجیددی کار بکەنو دڵسۆزییەكو هەست بەبەرپرسیارییەك لەگۆڕێدا هەبێت، تەواوی کارەکان جێبەجێ دەکرێت. هەرچەندە ئامارێکی دروست لەبەردەستدا نییە، لێ من هیچ گومانێکم لەوەدا نییە، کە بەلای کەمەوە 60-70٪ داهاتی وڵاتو پارەوپووڵی وڵاتو حکومەت بۆ مووچەی کارمەندانو مەسرەفی کارگێڕییەکان دەڕوات کە دەشیا بۆ خۆشگوزەرانی خەڵكو خزمەتی خەڵكو دامەزراندنو چێکردنو تۆکمەکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات، بەکار ببرێت. لەکوردستان تا ڕادەیەك هەموو خەڵك، ژمارەیەکی کەمی لێدەرچێت، مووچەخۆرەو پووڵێك لەحکومەتو حیزبەوە وەردەگرێت.

وڵاتێك فرەترین ژمارەی وەزیری لەهەموو جیهاندا لەحکومەتەکەیدا هەبێت، چۆن یەك ملیۆن مووچەخۆری نابێت یا چۆن هەموو هاووڵاتانی نابنە مووچەخۆر!.

وڵاتێك خەڵکەکەی چاوەڕوانی دەستی دەسەڵاتو حکومەتەکەی بێتو هەمیشە لەپ لەوان پانکاتەوە بۆ مووچەو پووڵ، هەرگیز ملکەچییو گەندەڵی لێ نابڕێت.

وڵاتێك یەك لەشکری مووچەخۆری هەبێتو ئەوە حاڵی بێت، چۆن دەتوانێت پێش بکەوێت!.

زۆریی مووچەخۆرو کارمەندیی حکومەتی، نیشانەی پاشکەوتوویی کۆمەڵگەو گەندەڵیی کارگێڕییەکەیەتیو دەکاتە زۆریی مشەخۆرییو مشەخۆریی زۆریش هەڵگری یەك پەیامە، ئەویش گەشەپێدانو پەرەسەندنو برەوپێدانی تەنبەڵیو تەوەزەلیو گەندەڵیو داڕووخانی وڵاتە.

2006/6/7

# کەرکوك یان بەلەد

**م. نەوزاد حوسێن**



دەگێڕنەوە، دەڵێن کوڕێك مارەیی کچێکی بڕیو خەریك بوو خۆی گرد دەکردەوە، ماڵ دروست بکا، دوایی خێزان پێکەوە بنێ، بەڵام قەدەر وای کرد (سەفەر بەلك) کوڕەو هاوڕێیەکی بەرەو چارەنووسێکی نادیار ڕاپێچ کردنو لەگەڵ هەزاران کەسی دیکە خزانە قوڕگی شەڕەوە. کوڕەکە عاقڵ بوو دوای چەند مانگێك خۆی دەدزێتەوەو بەچەندەها شەوو ڕۆژ دەگاتەوە زێدی خۆیو پاش ماوەیەك زەماوەند دەکات، کەچی هاوڕێیەکەی چونکە گێژو نەفام دەبێ دوای تەواوبوونی شەڕ بەچەندەها ساڵێك دەگەڕێتەوە، بەڵام دوای چی؟ کەس نایناسێتەوەو تەنانەت ژنەکەشی حاشای لێ دەکات، دیارە ئەوە ڕووداوێکی ڕاستییەو وەکو چیرۆك ئێمە دەیبیستین...

ئەگەر بەراوردی ئەو ڕووداوەو ئەو چیرۆکە بکەین لەگەڵ ئەم شەڕە نەگریسو شوومەی کە ئێستا ناوەخۆی عێراقی گرتۆتەوە، زۆر لایەنی تێدایە کە لەیەك دەچێ، بەداخەوە جاران ئیمپراتۆرو ئیمپرالیزم ئەوکارەیان بێ پەردەو بەئاشکرایی، یەکسەر ئەنجام دەدا ئێستا فەرماندەو سەرکردەکانی خۆمانیان کردۆتەوە مەقاشو هەمان کاریان بەخراپتر پێ ئەنجام دەدەن. ئەوەی کە لەیەك دەچێ لەو دوو پرۆسەیەدا ئەمانەن:

1-جاران بەبێ ویستی خەڵك داگیرکەر دەهاتو وڵاتەکەی داگیر دەکردو خەڵکەکەشی ڕاپێچی شەڕ دەکرد. ئێستاش کوڕانو گەنجانی ئەم کوردستانە کە زۆربەیان لەبەرخاتری مووچەیەك بوون بەپێشمەرگە، بەهەمان شێوە بەرەو ئەو چارەنووسە نادیارە دەبرێن، لەکاتێکا ئەمان هیچ کاتێ حەزیان لەشەڕی ناوەخۆو تایفەگەری نەبووەو نییە، بەڵام هەمیشە ئەوجۆرە شەڕانە بەشیان بووەو بۆ ئەوێ ڕاپێچ کراون.

2- جاران ئەگەر هەولێ هەڵاتنو خۆ دزینەوە بدرایە، سزاکەی زیندانی کردنو کاری قورس بوو، ئێستا هەرچەندە پێشمەرگە لەشەڕی دوژمنو پارێزگاری کردن لەکوردستان هەڵنایەت، بەڵام نەڕۆیشتن بۆ ئەم شەڕی تایفیو براکوژییە سزاکەی نەك هەر زیندانی کردنی خۆیەتی بەڵکو گرتنی کەفیلو کڕینی چەکیشە بەکەسوکاریان.

3- جاران شەڕەکانی سەفەربەلك شوێنو سنوورو وڵاتەکانی تیا دیاری نەکرابوو کە هەر هاووڵاتیەك پارێزگاری لەوڵاتی خۆی بکات، تەنها بەرژەوەندی زلهێزەکانو شوێنی شەڕەکەی دیاری دەکرد، ئێستاش هەمان شێوەیە، کوردستانو کەرکوك بەتاڵ دەکرێن لەپێشمەرگەو بەرەو ناوچە عەرەب نشینەکان دەیانبەنو لەشوێنێکی وەکو (بەلەد) کە ئاو لەکەللەی سەری کورد دەخۆنەوە ئەو هەموو کوڕە گەنجە تیرۆر دەکرێن...

لەڕاستیدا ئازایەتیو نەبەردی خەڵکی کوردستان بوو بەسەرجەم چینو توێژە کۆمەڵایەتیەکانەوە کە پارێزگاری کرد لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991و پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی بەدواداهات، هەر ئەو خەڵکە شۆڕشگێڕو قارەمانەبوو کە شاری کەرکوکیان ڕزگار کردو ویستیان بیخەنەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەڵام ناتەبایی سەرکردایەتی کورد لەئیدارەدانو دروست کردنی هەیکەلی ئیداری ئەو شارەو سەرنەکەوتن لەپاکسازی کردنی بەعس کە کۆمەڵێ هۆکاری زۆر لاوازو بێ بنەمای پڕ لەشەرمەزاریان هەیە، کوردی تاڕادەیەك سووك کرد لەوشارە، هەربۆیە ئێستا ناتوانێ بەو شێوە ئاشکرایەی کە هێزی پێشمەرگە دەبات بۆ تکریتو سامەڕاو بەلەد. بچووکترین یەکەی پێشمەرگایەتی لەکەرکوك جێگیربکات. نیگەرانی بوون لەو هەڵوێستە نەك هەر جێگەی خۆیەتی بەڵکو هەقە لەبەرامبەر ئەوەدا جۆرێك لەیاخیبوونو تووڕەبوون دەست پێبکات. چونکە لەکاتێکا عەرەب بەگشتیو بەعسیەکانی (بەلەد) و سامەڕاو تکریت بەتایبەتی هیچ دان پێدانانو ڕازی بوونێکیان نیە لەسەر کوردستانی بوونی کەرکوك، هیچ ماقوڵیەتێکی تیانیە کە لاوانی کوردو کوردستان لەپێناو ئەوانو دەستی ئەوان شەهید بکرێن... ئەمە خاڵێکی لاوازی سەرکردایەتی کوردە لەو مامەڵە سیاسیو بازرگانییەدا کە دەیکاتو باجەکەشی خوێنی پێشمەرگەی کورد بێت.. لەکاتی ناشتنی تەرمی ئەو شەهیدە زوڵم لێکراوانەدا ئەگەر گوێ لەبۆڵەی خەڵكو ناڕەزایی کەسوکارو تەنانەت هاوڕێو پێشمەرگەکانی ئەو شەهیدە بگرین ئەوکات دەزانین چ تاوانێکە کە کوڕی خۆت دەکەی بەقوربانی کچی خەڵك.. کورد بیەوێت یان نەیەوێ، عەرەب بەبرا بزانێ یان نەزانێ، خۆیو ماڵو سامانی لەپێناوی عەرەب فیدا بکاو ڕێزیان لێبگرێ، عەرەب هەر بەچاوی برا بچووكو ژێر چەپۆكو دوژمن سەیری کورد دەکات. بەڵگەکانی کۆنو نوێ شاهێدی ئەو ڕاستیەن. هەندێ جاریش زۆر تەنازول کردنو نەرم بوون لەگەڵ بەرامبەردا گەورەترین زیانت لێ دەداو دوارۆژت دەفەوتێنێ. ڕەنگە بۆ ڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆ داکۆکی کردنو پارێزگاری کردن لەسنووری خاکی کوردستان کە کەرکوك ڕەگی ژیانییەتی لەهەموو کاتێ زەروری ترو لەپێش تربێت، کەسیش پێی ناخۆش نیە کە لەو پێناوەدا خۆی بەخت بکات ئینجا خەڵکی بالیسانو باڵەکایەتی بێت یان خەڵکی قەرەداغو هەولێرو بادینان. بەپێچەوانەوە کورەی خەباتی خەڵکی کوردستان زیاتر گەرمترو جۆشدار تر دەبێ، چونکە هەنگاوێکە بەرەو سەربەستیو سەربەخۆیی یەکجارەکی، بەڵام سوور بوونی سەرکردایەتی کورد لەسەر بردنی لاوانی کورد بۆ عەرەبستان ئاکامی خراپو ساردبوونەوەی گیانی شۆڕشگێڕی لێ دەکەوێتەوە کە ڕەنگە زیانی گەورەو هەڵدێریشی بەدواوەبێت، لەبەر ئەوە ئەرکی سەرکردایەتی کوردە کە تێڕامانو بیرکردنەوە بکات لەسەر ئەوەی کە ئایا پێشمەرگە ببەن بۆ کەرکوك چاکە یان بۆ بەلەد؟ کامیان قازانجی گەورەی بۆ ئێستاو دوارۆژی کورد تێدایە؟. مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە زۆر وریاییو وردەکاری دەوێت، ئەگینا مێژوو ڕەحم بەکەس ناکاو لەجیاتی زاراوەی (سەفەربەلك) ئەمجارەیان سەفەربەلەد دەنووسێ.

# خەڵك لێتان بێزارە

**عوسمان شەیدا : کەنەدا**

بێزاری هاوڵاتیانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەهۆی بوونی دامودەزگاکانو ماڵە لێپرسراوەکان لەناو کۆڵانو سەرشەقامەکان گیروگرفتی زۆری بۆ دروست کردووینو زۆربەی هاوڵاتیانی کوردستان نارازینو تا ئێستاش چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە نەکراوە. ڕۆژانە خەڵك بێزار دەکەنو بەهۆی ئەم دیارەدەوە ڕێگەیان بۆ دوور دەکەوێتەوەو تا دەگەنە شوێنی مەبەست. ڕێگەو کۆڵانەکان بەچیمەنتۆو ئاسن گیراون. هەروەها پاسەوانی تایبەتیش چاودێری کۆڵانەکان دەکەنو کەسیش مافی ئەوەی نیە بە ئۆتۆمۆبیل بەو کۆڵانانە هاتوچۆ بکات. زۆر جێگەی واش هەیە خەڵك بەپیادەش ناتوانێ بەو شوێنەدا بڕوات، چونکە وەکو ئەوە وایە مخالەفەی کردبێت. ئایا با بزانین کە ئەوە ڕاستە کاربەدەستانو دامودەزگاکانی حزب، ڕێگەوبانەکان دەگرن، یان کارێکی خراپەو چەوساندنەوەی هاوڵاتیانە؟. گەر سەرەنجی هەر وڵاتێك بدەین لەوڵاتانی پێشکەوتوو بەتایبەتی کە مافی مرۆڤی لێ پارێزراوە، شتی لەو جۆرە نیەو لەهەموو مێژووی ئەو وڵاتانەش ڕووی نەداوە. بۆ تەنیا ماڵێك ئەمسەرو ئەوسەری کۆڵان بگیرێت. دەتوانم بڵێم لەوڵاتی سوریا هەندێ ڕێگا قەدەغەیە بۆ ماشێنو پیادە. ئەویش سوریا وڵاتێکی دواکەوتووەو مرۆڤ هیچ مافێکی پێنەدراوە. ئێمەی کورد گەر شتێکمان بەسەردا بسەپێنن، ئەوە دەبێ هەر لێی بێدەنگبین تاکو مردن، یاخود دەڵێین خوا هەقمان دەسێنێ. ئێمە کە باسی شتێك دەکەین لەو گیروگرفتانە، ئەوە یاراستنی مافی هەموو هاوڵاتیانەو بۆ خۆشی ڕێگەو ئاسانی هاتوچۆکردنی گشت لایەکە، نەك تەنها بۆ تاکە کەسێكو چەند ماڵێك. دەبا بزانین ئەو هەموو کەموکوڕییانە چارەسەرێکی هەیە یاخود هەروا بەردەوام دەبێ. هەموو هاوڵاتیەك مافی ئاسایی خۆیەتی ڕەخنە لەکەموکوڕییەکانی حکومەت بگرێ، ڕۆژانە لەهەر جێگایەك، یاخود لەهەر شوێنێكو خۆپێشاندانیش ئاساییترین مافی مرۆڤە، ناڕەزایی دەربڕین لەسەر شەقامو بازاڕەکان لەپێش دەزگاکانی دەوڵەت وەکو پەرلەمان بۆ جێبەجێکردنی داواکاری هاوڵاتیان، مافێکی ئاساییەو پێشێلکراوە. با بگەڕێینەوە سەر چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی خەڵکی کوردستان کە دەوڵەت دەتوانێ جێگایەك دابینبکات وەکو کۆمەڵگایەك بۆ ماڵە کاربەدەستەکان، تاوەکو دووربخرێنەوە لەناو ماڵانو لەشوێنی تایبەتیو دوور لەهاوڵاتیانی شاربن، یاخود دەکرێ لەناوچەیەك خانوویان بۆ دابینبکرێ کە ڕێگەی هیچ کەسێك لەوێوە نەبێت. دامودەزگاکانیش بەهەمان شێوە بەڵکو ئارامیو ئاسایش بەرەو پێشتر بچێ ئەو کاربەدەستانەو دامودەزگاکان باشتر پارێزگاری لەئێمە بکەن، تا ئێمەی هاوڵاتی چ خەڵکانی کاسب کارو کرێکارو جووتیار هەمووی حکومەتی کوردستانمان پێکهێناوە، خوانەخواستە شکستو ناخۆشی هەر لایەنێك هی هەمووانەو سەرفرازیو بەختەوەریش هەر هەمان شت.

بەهیوام ئەو تێبینیەی من ببێتە خۆشحاڵیو پەسندکردنی هەموو هاوڵاتیەك لەکوردستان، نەبێتە دڵگیربوونی کەسانێك کەوا لەدامودەزگاکان کاردەکەن، یاخود ماڵە بەرپرسەکانیش. جا ئومێدم وایە ئەو کێشەو هەموو کێشەکانی دیکەش چارەسەربکرێنو خۆشیو سەرفرازی بۆ گشت هاوڵاتیانو کوردستانە خۆشەویستەکەم بەدی بێت.

OSMANSHEIDA@HOTMAIL.COM